## محمد حسێن عەزیز رحیم :
## دەبوایە صمود چۆڵ بکرایە بۆ شوێنی فەلاحەتو گەنمو جۆی لێداچاندرایەتەوە .

دیدار عومەر محەمەد
شوێن : گوندی عەزیز قادر
کات : ٣ی پاشنیوەرۆ
رۆژی ٢٠١٢/١/١٩



رۆژی ٢٠١٢/١/١٩ سەرلەبەیانیەکەی گەیشتینە گوندی توکن، دوای ئەوەی دیدارم لەگەڵ چەند کەسێکی ئەو گوندەدا کرد، دوای نیوەرۆکەی بە چاوساغی سیامەند مام غەفور بەرەو گوندی عەزیز قادر کەوتینە رێ و هەرئەوەندەی گەیشتینە ناوگوندی عەزیز قادر ئیدی چاوم بەدارودیواردا دەگێرا، زۆری نەبرد لەماڵی کورێک گیرساینەوە بەناوی لوقمان کە ئەویش تاقانە دەرباز بووی خانەوادەیەکی قەرەباڵغ بوو لەتاوانی ئەنفالدا. کاتێک دیدارم لەگەڵ لوقمان مەجید لەدیداردا بووین محەمەد تەنها گوێی هەڵخستبوو، جاربەجار بەلایەکدا خۆی دەجوڵاندو سەیرێکی منی دەکرد، وەک ئەوەی بڵێت منیش هەمان خەمی لوقمانم هەیە، هەرکە دیدارم لەگەڵ لوقمان تەواو بوو، محەمەد وەک چۆن نۆرەی بۆ سەرتاشین گرتبێت بێ ئەوەی داوای لێبکەم هاتە شوێنەکەی لوقمان و لەبەرانبەر کامێراکە دانیشت .

بەرلەوەی هیچ پرسیارێکی لێبکەم محمد دەستی بە قسەکرد: ( ئێمە خێزانێکی قەرەباغ بووینوباب و باپیرانم هەرخەڵکی ئەم عەزیز قادرەبوونوباوکمو دایکیشم هەرلەم گوندە لە دایکبوون، هەژاری ماڵی خۆیان بوونو لێرە خەریکی ئاژەڵداریو کشتووکاڵ بووین، حکومەتی بەعس غەدرێکی گەورەی لێکردین) ئەوە قسەی محمدی تاکە دەربازبووی خانەوادەیەکی گوندی عەزیز قادربوو.

**خۆتان خێزانەکەتان چەند کەس بوون. ؟**

ئێمە دەکەس بووین . ئێستا من تەنها من ماوم ئەوانی تر هەموویان ئەنفالکراون .

**کەواتە تۆش تاقانەی دوای ئەنفالیت .؟**

بەڵی هەرخۆم ماومو ( 9 ) کەسم ئەنفالکراوە بەس لەخانەوادەکەی خۆم .

**ئەی چۆن تۆ دەربازبوویت ؟**

من لەگەڵ ئاژەڵەکاندا بووم . هەتا ملەسورەش هەرلەگەل دایکمو باوکمو خوشکوبراکانم بووم، ئیتر خواحافیزیمان لەیەکتری کردو رۆیشتین ئەوان لەملە سورەمانەوە . ئێمەش هەر گیرابووین بەڵام کە گەیشتینە بان جادەکە جاشێک فریامان کەوت ناوی سەعید حەمە عەوڵا ئەی شتێکی ئاوابوو.

رۆژەکەی نازانی مەبەستم نازانی چەندی مانگ بوو ؟

رێک بیرم نایەت چی رۆژێک بوو، بەڵام بەهاربوو مانگی چواربوو،

تۆ ئەو جاشەت دەناسی یان ئەو ئێوەی دەناسی ؟

نا نەوەڵا ئێستەش ببینم نایناسم بەڵام ئەوخەڵکێکی زۆر، زۆری لەئەنفال رزگارکرد..؟

حەزدەکەی بیناسیتو چاکەی بدەیتەوە ؟ ئەی چۆن ئەرێوەڵا زۆریش حەزدەکەم .

**من ناوم ناوە موستەشارێکی سپی ؟ ئەی تۆ دەڵێی چی ؟ ئەو ناوە باشە ؟**

وەڵا تەواوە ماڵت ئاوابێ ، ئابرا بەخوا سپی بوو. بۆ ئێمە سپی بوو، زۆر حەزدەکەم ببینم و قسەی لەگەڵدا بکەم .

**ژمارە تەلەفۆنەکەی بدەم پێت ؟**

هەر زۆر مەمنونم .

**تۆ چۆن لەدایکتو باوکت دابرایت ؟**

ئەی نەموت هەتا ملەسورەش هەربەیەکەوە بوین..؟ بەلام چونکە ئێمە بەدیار ئاژەلەوە بووین هەر لەملەسورە بووین لەگەڵ چەند برادەرێک لەوانە کاک حسن، کەمال، جەلال، ئەوانیش هەر خەڵک ئەم

دێی خۆمان بوون، بەئاژەڵەکانەوە چوینەمیلقاسمو لەووێوە چوێنە بان جادەکە ئیتر لەوێ عەسکەر دەوریاندا بووین

**واتا ئێوەش هەر گیرابوون ؟**

کورە ئا ئا ئێمەیش گیرابووین،هەموو رانە مەڕێک عەسکەرێک پاسەوانمان بوو چاواروان بوون سەیارە بێتو بارمان بکەنو بمانبەن، ئیتر سەعیدە هات عەسکەرەکانی لێمان دورخستەوەو بەرمانیداو ووتی: برۆن

ئیتر هەر ئەوجارە دایکتو باوکتو خوشکو براکانت نەبینیەوە ؟

بەداخەوە هەر ئەو سەرە بوو ئیتر نەم بینینەوە.

**ئیتر دوای ئەوە کەس نەیوت بینیومن یان ئەوانەی لە نوگرە سەلمان گەڕانەوە نەیان وت تاکوێ پێکەوە بوون..؟**

با با تا قۆرەتوو تۆپزاواش هەرپێکەوە بوون لەوێ لەتۆپزاوا جیایانکردبوونەوە .

**ئەی چۆن دایکتوباوکت نەبرابوون بۆ نوگرسەلمان ؟**

ئاخر باوکی من گەنج بوو لەدایکبووی 1952 بوو، دایکیشم هەر گەنج بوو .

**دایکت ناوی چی بوو ؟**

دایکم نەعیمە سەعید رەشید .



هەرچەندە برینیشت دەکولێنمەوە بەڵام پێویستە ناوی هەموو خوشکوبرا ئەنفالکراوەکانت بزانم .

خوشکو براکانم بریتی بوون لە : ( تحسین، نەریمان، کامەران، رەمەزان، غەزال، ئەختەر، گەوهەر) .

**کورەکان هیچیان پێشمەرگە نەبوون ؟**

نەخێر هەموویان لەخۆم منداڵتربوون، کچەکانیش هەموویان لە خۆم منداڵتربوون.

**هیچ یادەوەریەکی خۆش یان ناخۆشت هەیە کە هەرگیز لەیادت نەچێتەوە ؟**

قەت لەبیرم ناچنەوە تا ئەو رۆژەی دەمرمو دەمنێنە قەبر .

**تاکەی چاوەروانی هاتنەوەیانت کرد..؟**

تا سەدام روخاو گۆرە بەکۆمەلەکان دەرکەوتن. هەر چاوەروان بووم .

کە کەست لەخانەوادەکەی خۆت نەماو هەموویان ئەنفالکرابوون، لەو کاتی چاوەروانیەدا چۆن دەژیای

**لەکوێ دەژیای کێ داڵدەی دابوویت ؟**



لەوکاتەدا لەماڵ مامەیەکم بووم، هەتا ئەو کاتەی لەساڵی( 1991) ژنم هێنا .

**خزمی خۆتە ؟**

بەلێ ئامۆزای خۆمە . ئێستا سێ منداڵمان هەیە.

کۆمەڵگای کوردی رێزتان لێدەگرن وەکو کەسوکاری ئەنفال ؟

وەلا بەکەمی وەکو پێویست نیە لەهەندێک فەرمانگەو دائیرەی حکومەت هەر وەلامیشمان نادەنەوە.

ئەی لەبەرێوەبەرایەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان ؟

وەڵاهی ئەوان باشن خراپ نین لەگەڵماندا .

**ئەی حکومەت بەگشتی چۆنە رات چیە ؟**

وەلا ئاوری لێداوێنەتەوە بەلأم وەکو پێویست نیە، ئیمە لەگوندە کەسوکاری ئەنفالمان هەیە تاکو ئێستا زەوی وەرنەگرتووە !! باشە حکومەتێک تاکو ئێستا کە 24 ساڵە زەوی پێدابین نەکرێ مانای چییە ؟

**ئەی سەبارەت بە تۆمەتبارانی ئەنفال ؟**

**ئەوانە دەبێت دادگایی بکرێن بەجاشو موستەشارو ئامر سریۆ هەمووی دادگایی بکرێت.**

**پار بانگەوازێکمان کرد، بۆ ئەوەی رۆژی 4/14 بکەینە رۆژی سەرنەبرین رۆژێک کە تیایدا هیچ ئاژەلو پەلەوەرێ سەرنەبردرێتو هیچ خوێنێک لە ئاژەلو پەلەوەرەکانی کوردستان نەرژێ ..نەک هەرئەوە بەڵکو لەو رۆژەدا لەهەرێمی کوردستان گۆشت نەخورێتو لە چێشتخانەو مالەکانیشدا گۆشتی ئاژەڵو پەلەوەران دەست نەکەوێت ..**

**زۆر بیرۆکەیەکی جوانە .. من پێوەی پابەندم تەنانەت ئەو رۆژە ئامادەم هەر نانیش نەخۆم . زۆر کارێکی جوانە .**

**تەنانەت ئەگەر میوانیشتان هات ؟**

**هەر کەسێک میوانم بێت، ئەگەر نوری چاوم بێت لەو رۆژەدا گۆشتی نادەمێ من پێوەی پابەندم لەم دەقەیەوە بریار دەدەم 4/14 گۆشت نەخۆمو هیچ سەرنەبرم.**

**سوپاس من هیچم نەماوە**

**سوپاس بۆ تۆش کارێکی باشت دەست داوەتێ رێزم هەیە بۆ کارەکەت .**